# !نیشتیمانی نێوان دوو زێ!

**مەهاباد قەرەداغی**

(تێبینی: ئەم هۆنراوەیە بە زمانی سوێدی نووسراوە و لە رادوێیەکی سەرانسەری سوێددا بە ناوی رادیۆی پێ ئێت P1، خوێندراوەتەوە. لە گەرمەی شەڕی ئەمەریکا بۆ سەر عێراقدا نووسەرێکی سوێدی تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای لێکردم دوور لە هەموو دێباتێکی سیاسی و سەربازی کە ڕۆژانە لەسەر شەڕ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرێ، لە بەرنامەیەکی کلتووریدا بە پەخشانێک هەستی خۆم بەرامبەر ئەو شەڕە دەربڕم، ئەم پەخشانە شیعرەم ڕاستەوخۆ بە سوێدی نووسی. دواجار پێم باش بوو بیکەم بە کوردی و بە کوردیش بڵاوی بکەمەوە. بەڵام بەم تێبینییەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بزانێ ئەم هۆنراوەیە ئاراستەی سوێدییەکان کراوە، کە بەسەرهاتی ئێمەومانان بۆ ئەوان وەک ئەفسانە وایە و ئاسان نییە وێنای بکەن، ئاخر ئەوان دووسەد ساڵە شەڕیان نەدیووە و بڕواش ناکەم هەرگیز شەڕ ببینن.)

**کارەساتە. . لەوێ لەدایکبوون**
**لەوێ. . دژەهەناسەکان، با. . دەسووتێنن!**
**لەوێ. . سەربازەکانی زریان. . با. . دەخنکێنن!**

**پێت سەیر نەبێ هاوڕێم**
**کە دەڵێم. .**
**من لە دۆزەخ لە دایکبووم**
**لە تابووتێکی قەترانی گەشەم کرد و. . وا گەورە بووم**
**دڕندەکان. .**
**ئەوێ. .**
**وڵاتی نێوان دوو زێیان کرد بە دۆزەخی ڕاستی**
**کوردستانەکەی منیشیان کرد بە تابووتی قەترانی**
**پێت سەیر نەبێ. . هێژا. . هاوڕێم!**
**ئەگەر دەڵێم. . ئاخ ! بیری نیشتمان دەکەم**
**بەڵێ. . بیری دۆزەخ دەکەم!!**
**لەوێ. . لە دۆزەخدا. . خۆشەویستێکم جێماوە**
**لەوێ. . هاوڕێ شەهیدەکەم چاوەڕێمە**
**لەوێ. . لە ژێر سێبەری دارێکی دۆزەخ. . منداڵیی خۆمم لێ ون بوو**
**لەوێ. . دایکم بە بێ ماڵئاوایی جێ هێشت**
**ئێستا. .**
**هەموو ساتێ. . وەکو زامێکی ژیلەمۆیی،**
**لە دەرەوەی تابووتەکەم. . دەکزێمەوە!!!**
**لەوێیە. .**
**لەو دوورەیە دۆزەخ!**

لەوێ . لە پشتی پەنجەرە داخراوەکانی هەتاوە . دۆزەخ!
دەکەوێتە نێوان دوو زێ
دیجلە و فورات
دیجلە . .
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دایکێکی میهرەبان بوو بۆ شۆخی باران
ئێستا سواڵی تنۆکێ ئاوی لێ دەکات لە ئاسمان!
فورات . .
نیشتیمانی ئەوسای کۆترەکان
ئێستا شڵپەی دێ لە بەر نەزیفی خوێنی دڵی ئاشتی!

ئەرێ چی ڕوویدا؟!
بنۆڕە هاوڕێ . ساتێ گوێبگرە لێم
تا لە ساتەکانی بیرەوەری منداڵێ . سەرگوزەشتەیەکت بۆ بڵێم
هەبوو، نەبوو
لە وڵاتی داستانەکان
کەنیشکە چاوڕەشێ . لەباتی بووکەشووشە
وازی بە واژە و ئایەتەکانی جوانی دەکرد
خەونی بە ڕووناکی و بەختیاری ونبووەوە دەبینی!
بیری ڕاستییەکی دەکرد کە لە تارماییدا مات درابوو!
بیری ئازادی دەکرد، سترانی بۆ دەچڕیی
سەمای لەگەڵ پەپوولەباڵسووتاوەکانی دۆزەخدادەکرد!
هاتن!!!
بردیان!!!
لە ناو دڵی ڕووناکییەوە . بۆ ناوجەرگەی تاریکستان!
بۆ جێیەک . لە هیچ جێیەکی تر نەدەچوو!
لە کاتێکدا . لە هیچ کاتێکی تر نەدەچوو!
ئەوێ پێی دەگوترا زیندان!
دۆزەخ بوو، دۆزەخ بوو، دۆزەخ!!!
لەوێ . تەنها کورسی بزمارین هەبوو بۆ دانیشتن و . .
چرپای ئاگر . بۆ خەوتن و . .
لەوێ . جەستەی ئەو کەنیشکە جەستە نەبوو . .
هێندەی جگەرەی داگیرساویان لەسەر خامۆش کرد!
لەوێ نە جەستە جەستە بوو . نە گیانیش گیان!

هاوڕێم!
ئەمەی بیستت داستانێکی هەزار و یەک شەوە نەبوو
ئەو کەنیشکەش، کچی داستانەکان نەبوو،

www.kurdistannet.org
18-4-2003 19:39

تۆ گوێت لە ڕاستییەکی لەئەفسانەچوو دەگرت،
کە بەشێکە لە منداڵیم!!!
ئەو کەنیشکە من بووم. بەڵێ من
یەکێک لە هەزاران منداڵی کوردستان
کە لە وڵاتی کارەسات لەدایکبووین!

بەڵام. هێشتاش. ڕەنگە..
من بەختەوەرترینی ناو هەموویان بم!
بەختەوەرتر لەو کەنیشکانەی لە بیابانێکی چۆڵدا
بە زیندویی لە چاڵ نران!
بەختەوەرتر لەو مێردمنداڵانەی لەبەر دیدەی دایکیاندا
پۆلێ داڵ لاشەکەی خواردن!
بەختەوەرتر لەو پێنج هەزار گوڵەباخەی بای ژەهر هەڵی وەراندن!
بەختەوەرتر لە هەموو، هەموو ئەوانەی
لە نێوان دوو زێدا. لە تینواندا خنکان
لەوانەی لە ئاگردانی گەرماوی خوێنی جەنگەکاندا سووتاون!
هاوڕێم. مەتۆقێ..
ئێمە هەموو جۆرێکی تۆقینمان دیووە
نەک تەنها لەم چەند ڕۆژە داگیرساوەدا
ئێمە لەناو ئاتەشگەدا لەدایک بووین..
لە ڕۆژهەڵات. لەسەر زەمینێ هەمیشە لە پلەی کوڵانی سەددی
کە هەمیشە. ئاگر دەگرێتە ئامێزی!
هاوڕێم. هێور بەوە..
دەزانم باوەڕت نایە..
دەزانم ئەم ڕاستییە بە تۆ نامۆیە،
پێت سەیرە کەسانێ هەبن لە دۆزەخدا لە دایک ببن..
پێت سەیرە کەسانێ هەبن هێندە دۆزەخیان خۆش بوێ..
پێت سەیرە و..
ئاخر کارەساتە وڵاتێ شێوەکەی لە تابووت بچێ!
بەڵام. هاوڕێ
خاترجەم بە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش
ڕاستی موژدەیەکی پێیە..
تەنانەت لە ناو تابووتیش..
ڕۆژێ لە ڕۆژان..
خۆر هەڵدێ!!!

٢٠٠٣/٠٤/١٥
ستۆکهۆڵم

www.kurdistannet.org كوردستان نێت